www.kurdistannet.org
21-7-2006 14:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تەفسیرێکی خەوەکەی خالید مەجید فەرەج لە موفەسیرێکی سۆمالی یەوە. ... شیخ عباس سۆمالی

بۆ کاک خالید مەجید بەم دواییە خەوێکت بینیوە، کە رووداوەکانی لە سۆماڵدایە منیش وەک شیکەرەوەیەکی خەوی ناسراوی وڵاتەکەم کە سۆماڵە، بە چاکم زانی تەفسیرێک بۆ خەوەکەت بکەم.

ئەوەی زیاتر هانی دام خەوەکەت بۆ شی بکەمەوە ئەوەیە، کە نەگبەتی خەڵکی سۆماڵە، تۆ خەوێکی ئەلەم چەشنە بە سۆماڵەوە دەبینی و ئەوەندەی تر، ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم وڵاتە بە رەو تاریکی دەبەیت.

من زۆر بڕوام بەخەوە بۆیە زۆر لە خەو بینینەکەی تۆ دەترسم و هەموان دەزانین، لەوانەیە تۆش بە ئاگا نەبیت کە خەو پێچەوانەی واقعە، واتە ئەوەی لە خەودا دەبینری پێچەوانەکەی لە ژیانی واقعدا هەیە، با زۆر کاتت نەگرم و خەوەکەت بۆ شی بکەمەوە، بە پێی تەفسیری خەوەکەت تۆ خەڵکی سۆماڵ نیت، بەڵام لە ژیانی واقعدا حەزت کردووە کۆمۆنیستەکانی وڵاتەکەت بە گەندەڵی ببینی، هۆکاری ئەم ئارەزوەت لای خۆتە و من کارم بەمەوە نی یە، بە هەر حاڵ کە لە واقعدا ئەم ئارەزوەت نەهاتە دی لە خەودا بینیوتەو تەنانەت لەوەشدا بەد بەختیت کە خەوی گەندەڵی کۆمۆنیستەکان لە وڵاتەکەی خۆتدا نەبوو، لە سۆماڵ ڕووی داوە، دەگەڕێمەوە و دەڵێم خەو پێچەوانەی واقعە و ئەوەی تۆ بینیوتە لە خەوەکەتدا سەبارەت بە کۆمۆنیستەکان نە لە وڵاتەکەی خۆت و نە لە سۆماڵ ڕووی نەداوە، من بە ویژدانەوەدەیڵێم، تا ئێستا نەمبینیوە و نەم بیستوە کە کۆمۆنیستەکان گەندەڵ بن، بەهەر حاڵ ئەوە هەرکێشەی من نی یەو دیارە کێشەیەکی گەورەی تۆیە و ژیانی لێ تاڵ کردووی و خەوەکەت وەک خەوێکی ناخۆش و (کابوس) یک دێتە بەر چاو.

خۆزگە بۆ ئەوەی بمتوانیایە بە لایەنی کەمەوە دڵت خۆش بکەم لە شی کردنەوەی خەوەکەتدا، گەر لە رووداوەکانی خەونەکەتدا رووداوێکت لی بەسەر بهاتایە، وەک ئەوەی پێت هەڵبخلیسکایە لە تونێکلە مۆزێکی سۆماڵ و بە پشتدا بکەوتیتایە ئیتر ڕادەچڵەکیت و خەوەکەت بە تاڵ دەبۆوە و بە لایەنی کەمەوە پێم دەگووتی ئەو تونێکلە بوو بە مایەی خێر و بەرەکەت و ئەوەی لە خەوەکەتدا بینیت بە تاڵ دەبۆوە، وەلەبەر ئەوەی کە خەوەکەشت بەتاڵ بێتەوە لە ژیانی واقیعتدا ئەگەری ڕوودانی زۆر تڕە.

ئەوە بەراستی خەوەکەم بۆ شی کردیتەوە و ئامۆژگارییەکی تایبەتیم بۆ تۆ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە واقعی ژیانتدا، ئارەزوی هەندی شت بکە کە سوک و ئاسا بێت، نەک ئەو ئارەزوەی تۆ هەتە و بە دیهاتنی زۆر قورس بێت هەر بۆیە بە خەو بینیوتە و خەویش هەرگیز بە ڕاستی نایەتە دی، ئینجا کاکە تۆ بۆ دەبێت ئەو خەوە ناقۆلایە بە سۆماڵەوە ببینیت، خۆ ئەگەر بە ڕاستی خەڵکی سۆماڵ بیت، ئەوا دادگا ئیسلامیەکانی سۆماڵ دادگاییان دەکردیت، چونکە ئەوانیش تەفسیری خەوەکەیان هەر بەو شێوەیە دەکردیت و ترسیان لەوە دەنیشت کە شیوعی و چەپەکانی سۆماڵ بە دەست پاکی ومێژووی خۆیانەوە بگەڕێنەوە وڵاتەکە.

بە هیوای ژیانێکی خۆش و خەوێکی خۆشی دوور لە کابوس.